www.regayrasty.com

# دەمە تەقێ یەك لە گەڵ شەیتان

نووسینی: شیخ عائض القرني
وەرگێڕانی بە دەستکاریەوە: هێمن عبدالعزیز

لە شەوێکی تاریک و کش و ماتدا دەگەڵ شەیتانی نەفرەت لێ کراو کەوتبوومە ڕێ، کە گوێم لە بانگی بەیانی بوو، ویستم بەرەو مزگەوت بکەومە ڕێ..

پێی گوتم: شەوێکی درێژت لە پێشایە، بنوو ساتێ تا کاتی دێ..

گوتم: ترسم وایە لە دەستم چێ..

گوتی: کات درێژەو تەواو نابێ!

گوتم: ئاخر ترسم وایە فریای جەماعە نەکەوم..

گوتی: زۆر وەسەر خۆت وەتوون مەگرە!

وای کرد کە تا دەرکەوتنی تیشکی خۆر ڕا نەبم لە خەو!

ئینجا بە گوێما چرپانی: خاترجەم بە خەمێ مەخۆ ڕۆژان گشتی کاتن بۆ تۆ!

دانیشتم تا خەریک بم بە وێردی خوا ، لە پڕ خەیاڵ بەری دەرگای لێ گرتم.. ڕووم دە شەیتان کردو گوتم: بەری نزاو دوعات لێ گرتم..

گوتی: هەڵی گرە بۆ شەو..

عەزمم گرت کە تۆبە کەم و ڕوو دە خوا کەم..

گوتی تۆ هێشتا گەنجی چاوەکەم !

گوتم: لە مردن ئەترسم!

گوتی: تەمەن وەبەریەتی ئازیزم!

دانیشتم و ڕووم کردە قورئانی..

گوتی: دڵت خۆش کە بە گۆرانی..

گوتم: ئاخر حەڕامە..

گوتی: هەموو شتێک بە مەرامە

گوتم: ئاخر فەرموودەکانی لای من تێکڕا ئەڵێن یاساغن..

گوتی: هەموویان لاوازن..

بەلای جوانانیدا ڕەت بووم چاوم گرت..

گوتی: جا نەزەر چی یە؟

گوتم: ئاخر خەتەرە..

گوتی: تێفکرین لە جوانی ڕەزامەندی خوای لەسەرە..

پێی گوتم ئەوە بۆ کی ئۆغر؟

گوتم: ئەچم عەمرە ئەکەم ئاخر..

گوتی: خۆت ئەخەیتە تالوکە.. خۆ کاری خێر گەلێکن وازی لێ بێنە هەنووکە؟

گوتم: ئەبێ حاڵ و دڵەکان ساز کرێن..

گوتی: چوونە بەهەشت هیچ کردەوەی ناوێن..

کە چووم ئامۆژگاری خەڵکی بکەم..

گوتی: ئابڕووی خۆت مەبە چاوەکەم!

گوتم: ئەوە سودی بەندەکانی تیایە..

گوتی لێت ئەترسم کە ناو دەرکەی فیتنەش هەر لەوە دایە!

گوتم: ڕات چۆنە بەرامبەر هێندێ ناو؟

گوتی: وەڵامی تایبەتی و گشتیت سەر سەرو سەر چاو!

گوتم: ئەحمەدی کوڕی حەنبەل..

گوتی: ئەو قەولەی کوشتمی کە ئێژێ خۆ گرە بە قورئان و سوننەی پێغەمبەر..

گوتم: ئیبن و تەیمیە..

گوتی: ڕۆژانە بەسەرما ئەکێشێ خواناسەکەی ئەودەمە..

گوتم: بوخاری؟

گوتی: بە کتێبەکانی ئاگری هێنامە ماری!

گوتم: حەججاج؟

گوتی: خۆزیا هەزار حەججاجی وا دەر ئەچوو.. لە کیسمان چوو، ئەو کەڵە پیاوەی سەردەمی زوو..

گوتم: فیرعەون؟

گوتی: لەسەرمانە سەری خەین و لە دوعا لە بیری نەکەین..

گوتم: سەلاحەددین پاڵەوانی حەتتین؟

گوتی: هەر ئەوە کە بەری دڵی گرتین ( ڕیسوای هەردوو دونیایێ کردین )

گوتم: محمد ی کوڕی عبدالوهاب؟

گوتی: دەروونی ئاگر تێ بەردام بە دەعوەکانی و سووتاندمی بە شیهاب!

گوتم: ئەبو جەهل.. فیرعەونەکەی سەردەم ؟

گوتی: ئێمەین بۆ ئەو براو خۆشەویست و هاودەم.

گوتم: ئەبو لەهەب؟

گوتی: لە گەڵی داین ( لە شام بێ یان لە حەلەب )

گوتم: لینین؟

گوتی: هاویشتمانە نێو تەنوور خۆیشی لەگەڵ ستالین.

گوتم: گۆڤارە بێ ئابڕووەکان؟

گوتی: هەر ئەوە شەریعەتمان..

گوتم: سەتەلایت تەکنەلۆژیەکەی سەردەم..

گوتی: خەڵکی پێ وەک کەر لێ ئەکەم؟!!

گوتم: چایخانەکان؟

گوتی: مۆڵگەیە بۆ لۆتی و بێ کارەکان.

گوتم: ویردتان چی یە؟

گوتی: گۆرانی .

گوتم: خواستتان؟

گوتی: دەخوازین بە بێ وەستان.

گوتم: ڕاتان چی یە لەبارەی بازاڕ؟

گوتی: زۆر لێ ی ئاسوودەین ئەبەد لێ ی نابین بێزار.

گوتم: حیزبی بەعسی عەفلەقی؟

گوتی: زیکری منە لایەقی ..

گوتم: چۆن خەڵکی تەفرە ئەدەن ؟

گوتی: بە شەهوات و شوبوهات و ئومنیاتی تورەهات...

گوتم: ئەدی ئافرەت ؟

گوتی: بە تەبەرروج و سفورو داب و نەریت و کولتوورو پشت کردنە خوا بە بێ سنوور.!

گوتم: ئەی زانایان ؟

گوتی: بە خۆ دەرخستن و عوجب و لە خۆ بایی بوونی بێ پایان..!

گوتم: چۆن خەڵکی تەفرە ئەدەن ؟

گوتی: بە سەرقاڵی لە بازاڕو کڕین و فرۆشتی بێ شومار..

گوتم: ئەی تاجیرو بازرگان ؟

گوتی: هەر لێیان گەرێ بەقوربان بە نێو دونیا بردومنە خوار.. دەست بڵاوی بێ هەموار.. سوو وەرگرن بە بێ شومار.!

گوتم: ئەی گەنجەکان بە چ دەردێکا ئەبەیت؟

گوتی: بە غەرامیات و ئەوین داری.. پشت کردن بێ لە دینداری.. هەر ئەمەشە ڕەگی هاری!

گوتم: چی ئەڵێ ی بە یەهوودی ؟

گوتی: غیبەتیان مەکە چی دی ، ولاتیکی ڕۆح سووکە و خۆشەویستە ئیدی؟

گوتم: ئەبو نەواس؟

گوتی: سەر چاوو سەر سەرەو شیعرەکانیم لەبەرە هەر ئەویشە سەرورەرە..

گوتم: ئەهلی حەداسە؟

گوتی زانستیان لێ وەر گرتووین بە ویراسە.!

گوتم: عەلمانیەت؟

گوتی: بڕوامانه.. دیدمانه هەر ئەویشه بەقیمەت .. ئەوانن ئەهلی دەجەل .. جێگەی ئومێدو ئەمەل .. ئەوەی لەگەڵیان بێ دەگەڵی دام تا ئەجەل.!.

گوتم: چی دەڵێ دەربارەی واشنتۆن؟

گوتی: خیتابەکانیان ئەوتۆن .. ئاویتەی فیکرمن چۆن؟ سوپایان سوپای منن.. چی بکەن و چی نەکەن و بۆ کێ بڕۆن.. هەر ئەویشە مەوتینم و مایەی چاوو دڵی ڕۆن..

گوتم: چی دەڵێی دەربارەی بانگەوازکار؟

گوتی: سزایان داوم ( هەموو جار ) مانوویان کردووم..پیریان کردووم بەیەک جار. ئەوی بنیاتمنابوو سەرو بن هانیانە خوار .. دەست ئەکەم بە گۆرانی بە قورئان دەمهێننە خوار.. ڕوویات تێ کەم نەفرەت ئەکەن و ڕوو ئەکەنە پەروەردگار .

گوتم: چی ئەڵێی لەبارەی ڕۆژنامەکان؟

گوتی: کاتی کەسی پێ ناهێڵین.. تەمەن بەزایە ئەبەین .. پارەو پوول پێی بە فیرۆ ئەدەین..

گوتم: ئەی بی بی سیەکەی بەریتانیا؟

گوتی: لە ڕێ و دەنگی ئەمەوە ژەهر تێکەڵ بە شەکری ئەکەین.. شەڕ لە نێوان عەرەب و عەجەم پەیا ئەکەین.. سوپاسی زاڵم و زۆردارانی پێ دەکەین..

گوتم: چی دەڵێ ی دەربارەی قەڵە ڕەشێ؟

گوتی: زاڵم کرد بەسەر قەلەندەرێ .. تا کوشتی بە دەردەسەرێ .. لە گۆڕی ناو بۆی چووە سەرێ.

گوتم: چیت کرد بە قاڕوون؟
گوتی: پیٚم گوت: توند بیپاریٚزە هەرچیت هەیە لە خشلٚ بێ یا ئاڵتوون.. تا هەر خۆت سەر بەرزو بەختەوەر بی هەتاماوی هەر سەروەر بی.
گوتم: چی دەڵێی دەربارەی فیرعەون؟
گوتی: پیٚم گوت: ئەی گەورەی خاوەن شکۆم .. بڵێ هەر موڵکی میسرە هی خۆم.. ئەو کات هەر تۆی سەرکەوتوو بە سەری خۆم.
گوتم: چی دەڵێی دەربارەی ئاڕەق خۆرەوەکان؟
گوتی: ( ویٚسکی و شەمپانیا ) نرخ ناکرێ بە ئاڵتوون ،هەر ئەوە دالٚدەی دەروون.. وە لانەری ماندو و زەبوون.. تا ئەتوانی خۆت خەنی کە دەرگای تەوبەش هەر والآیە بێ چەندوو چوون.
گوتم: چی تۆی کوشتووە بە چی وەڕسی ؟
گوتی: ئایەتی کورسی .. تەنگی کردووم هەناسەو نەفسی، تا ئەبەد ئەناڵیٚنم و وام لە نیٚو حەبسی..
گوتم: کیٚت لە هەموو کەس خۆشتر ئەویٚت؟
گوتی: لۆتی و پۆتی و چاوەش و و شاعیری دلٚ ڕەش و تاوانبارانی بێ بەش و هەموو پیس و نەگریٚسیٚکی ڕوو ڕەش.
گوتم: ڕقت لە کێ یە؟
گوتی: ئەهلی مزگەوت و نویٚژ و سوژدەو دونیا نەویست و هەموو موجاهیٚدیٚکی خۆ نەویست.

گوتم: پەنا بۆ تۆ ئەی خوا لە ئیبلیسی بــەد خــوا.. ئەمــەم گوت: کەوت بە ڕوا دەتگوت بە قوڕا چووە ئەمەشــە پــاداش بۆ درۆزنی بەد ڕووە.

www.regayrasty.com